# تەعریب لە کوێوە دەستی پێ کرد؟

سیروان کاروانی

دەکرێ بگوترێ درندەترین و ترسناکترین چەکێک کە رژێمەکانی یەک لە دوای یەکی فەرمانرەوا لە عێراق بۆ سەر دڵی شاری کەرکووک و ناوچەکانی تری خوارووی کوردستان هەر لە ساڵی 1925 یەوە بەکاریان هێنابێ، چەکی بەعەرەبکردن (تعریب) و راگواستن (ترحیل) بووە. کاتێک کۆمپانیای نەوتی کەرکووک 1925 دروست دەکرێ، 2500 کارمەند لەوێدا دادەمەزرێنن. ئەو کارمەندانە لە عەرەب، ئاسووری، تورکمان و رێژەیەکی کەمی کورد پێکدێن. زۆربەی ئەو کارمەندانە عەرەب و ئاسووری و ئەرمەنی بوون. ئاسووری و ئەرمەنییەکان لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی یەکەم، لەژێر فشاری عوسمانییەکان بۆ ناوچەی ئوورمیەی رۆژهەڵاتی کوردستان و پاشان بۆ کرماشان لەوێشەوە بۆ ناوچەی دیالە کە زیاتر لە 50000 کەس دەبوون، ئاوارە دەبن. بەشێکی زۆری ئەو ئاسووری و ئەرمەنییانە لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دادەمەزرێن و بەشێکیشیان وەک هێزی چەکدار لەگەڵ هێزەکانی حکومەتەکانی ئینگلیز و عێراق بۆ لێدانی هەر جووڵانەوەیەک لەسەر ئاستی عێراق بەکار دەهێنران. حکومەتی عێراق بۆ نیشتەجێکردکی ئەو 2500 کارمەندەی نەوت، چەند گەرەکێکی بۆ ماڵە عەرەب و ئاسووری و ئەرمەنییەکان لەناو شاردا دروست کرد و ناوی عەرەبیی پێوە نان، ئەمەش دواتر بووە سەرەتایەک بۆ نیشتەجێکردنی فرە عەرەبی تر لە ناوجەرگەی شارەکە. دوابەدوای ئەوە دروستکردنی پرۆژەی (حەویجە) ی 1930 بوو، لەوێدا نیشتەجێکردن و کۆمەکپێکردنی هۆزەکانی ژێر عوربانەعەرەبەکان لە ناوچەکە کە هێڵی سنووری لە مەندەلی، خانەقین، دووبز، مەخمور، شەنگار، تەلەعفەر و شێخان ئامانجی سەرەکی سیاسەتەکەیان بووە. لەو ساڵانەدا و لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی (یاسین الهاشمی) ، هەزاران خێزانی عەرەبیان هێنا و لە حەویجە و سەیدئەحمەد خانەقا و ئەو دەوروبەرانەدا نیشتەجێیان کردن.

بەکارهێنانی ئەم چەکە لە دوای دەسەڵات گرتنەدەستی بەعسییەکان لە ساڵی 1963 ترسناکتر بوو، لە سەردەمی بەعسییەکان بەدواوە، بە شێوەیەکی دیارتر و گوێنەدانە هیچ یاسایەکی دەستووری و دوور لە رەوشت و ئاکاری مرۆڤانە بەکار هێنرا و گۆڕینی سجلی ئاماری ساڵی 1957 بە زیادکردنی ناوی عەرەبەکانی کە لە شارەکەدا نیشتەجێ کران، هەر تەواوکەری ئەو پرۆژەیە بوو. شایانی باسە، سەرەڕای ناتەواوی و هەمووە کەموکورییەک، ئاماری ساڵی 1957 بە رێکوپێکترین ئاماری عێراق دادەنرێت. بە پێی ئەو ئامارە، کوردەکان 48٪ و عەرەبەکان 28، 2٪ و تورکمانەکان 21، 4 ٪ی دانیشتوانی کەرکووک پێک دەهێنن، (کەچی بە پێی ئاماری ئەو کۆمیتە تایبەتییەی ساڵی 1925ی کۆمەڵەی گەلان، ژمارەی کوردەکانی شاری کەرکووک 87500 کەس بوون کە دەیکردە 63٪ی دانیشتوانی شارەکە، ژمارەی عەرەبەکان 25250 کەس بوون کە دەیکردە 18٪ و ژمارەی تورکمانەکان 26100 کەس بوون کە دەیکردە 19٪) . لە لایەکی ترەوە، هەر بە مەبەستی کەمکردنەوەی رێژەی کورد لە شارەکە، رژێم 4 قەزای گەورە (چەمچەماڵ، کفری، دووبز و

دووزخورماتوو) ی لەسەر دەخلی ئیدارەی کەرکووک لابرد و خستنیە سەر دەخلی شارەکانی تر و هەروەها ڕووخاندنی دێهاتە نزیکەکانی دەوروبەری شارەکە وەکوو: یارەلی، پەنجەعەلی، چیمەن، جەوەڵبۆر، کتکە، گەوەنی، قۆتان خەلینە و شۆراو و دەیان دێی تر.

ژمارەی ئەو کوردانەی کە تا ئێستا لە کەرکووک دەرکراون لە سەدهەزار تێپەڕی کردووە. بەو شێوەیە، ئەم شارە شیرینەی کوردەوارییە تەنانەت ڕۆژێک نەبووە ترسی بەعەرەبکردنی خۆیی و دانیشتوانەکەی لەلا ڕەوییبێتەوە. هەردەم بەهێزترین هێز و دەسەڵاتی ڕژێم چ لە ڕووی ڕامیاری و چ لە ڕووی سەربازییەوە بەسەر ئەم شارەوە بووە و تا ئێستاش ئەو هەوڵانە هەر لە زیادبوون دان. جگە لە هەموو هەوڵدانێکی تر، لە ساڵەکانی 1996 بەدواوە ڕژێم هەستا بە دروستکردنی ئۆردوگا لە دەوروبەری شارەکە و تا کودەتای 17ی تەمموزی ساڵی 1968 ئیتر ئەو سیاسەتە شۆڤینیستییە تەشەنەی کرد و بەلانامەیەکی چەسپاو و نەخشەی دیاریکراوی بۆ داڕێژرا کە تا ئێستا بەردەوامە، ئەمە جگە لە جێنشینکردنی عەرەب لە دێهاتەکان و لەشێوەی ڕەوەند و ئەوانەی بۆ جۆرەها ئیشوکاری تر لەسەر خواستی ڕژێم ڕوویان لە ناوچەکە دەکرد. بۆ ئەم مەبەستە ڕژێم نەخشەی دوایی واتە بەم سالانەی دوایی، هێنانی هۆزە عەرەبەکان بوو بە زۆری (بەخورتی) . بۆ ئەم کارەش چەند ئۆردوگایەکی دروست کرد وەکوو ئۆردوگای: (عمر بن عبدالعزیز) لە ناوچەی قەرەحەسەن، (ام المعارک) لە ناوچەی لەیلان، (الرشید) لە نزیک دێی چیمەن، (المپنی) لە ناوچەی شوان، (العز) لە سنووری ناحیەی پردێ، (التحدی) لە سنووری ناحیەی تازە لەسەر ڕێگای کەرکووک- بەغدا نزیک پردی (قەرەچای) . هەر بە هۆی ئەم ئۆردوگایانەوە، عەشیرەت و خێڵەعەرەبەکان کە تیایاندا نیشتەجێ کرابوون، بە ماوەیەکی کورت و بە بەردەوامی بە بیانوی ئاژەڵدارێتی و گەڕان بە دوای سەوزایی و "پاوەن" دا، پەلوپۆیان هاوێشت و چەندین لە دێهاتەکانی سنووری ئۆردوگاکانیان داگیر کرد و پاشانیش خۆیان بە خاوەنیان دەزانی. ڕژێم کە ئەم شتە دەکات، ویستێکی تری هەیە و دەیەوێ ئەوەی لەگەڵ دێهاتەکانی دەوروبەری مووسڵ ئەنجامیدا، لەگەڵ کەرکووکیش هەر بەو شێوەیە ڕەفتار بکا.

ژمارەیەکی زۆری دێهاتەکانی دەوروبەری مووسڵ کوردنشین بوون و ملکەکانیان لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان بەجێمابوو. ڕژێم دەستی کرد بە ڕاگوێزانیان و لە ماوەیەکدا زۆربەی دێیەکانی بە کوردەکان چۆڵ کرد و عەرەبی تێیاندا نیشتەجێ کرد، ئێستا زۆر لەو دێهاتانە عەرەبنشینن و بە دگمەن نەبێت کوردیان تێدا نییە، لە هەندێکیان کە کوردەکان بەرابەری عەرەبەکان دەبن، بەهۆی شەڕ و ناخۆشی نێوان ئەوان و ماڵە عەرەبەکان خێروخۆشییەک لەخۆیان نابینن. ئەو ماڵە کوردانەش کە دەرکران، تەنانەت بەشێکی کەمیان نەبێت، لەناو شاری (مووسڵ) یش جێیان نەکرایەوە، بۆیە بەناچاری بەرەو لای سەرەوە هەڵکشان. لێرەدا چەند نموونەیەکی گرنگ لە سەدان لە هەوڵەکانی ڕژێم بۆ بەعەرەبکردن دەهێنینەوە:

- ڕۆژی 2000/5/27 دیوانی سەرۆکایەتی میری عێراق سەبارەت بە بڕیاری ڕاگواستنی (25000) خێزانی کورد لەناو شاری کەرکووک و دەوروبەری، نووسراوی ژمارە (840/ع/1025) ی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە و تیایدا ئاماژە بەو بڕیارە کراوە.

بە پێی بڕیارەکە ڕاگواستنی ئەو (25000) خێزانە کوردە بە چەند قۆناغێک جێبەجێ دەکرێ، لە قۆناغی یەکەمدا ئەو خێزانانە ڕادەگوێزرێن کە کەسی یەکەمی خێزانەکەیان لە دەرەوەی عێراقە و لە قۆناغی دووەمیشدا ئەو خێزانانە ڕادەگوێزرێن کە کەسی یەکەمی خێزانەکەیان لە کوردستان نیشتەجێیە، یاخود لە ڕیزی یەکێک لە پارتە کوردستانییەکاندایە. لەدووا قۆناغیشدا ئەو خێزانانە ڕادەگوێزرێن کە لە ئاماری ساڵی 1957 لە شاری کەرکووک ناونووس نەکراون. شایانی باسە ئەم بڕیارەش دوای ئەوە دێ، کە دەزگا ئەمنییەکانی میریی عێراق لە مانگی ئایاری ڕابووردوودا ئامارێکی گشتیی کوردەکانی شاری کەرکووکیان کردبوو.

ڕژێمی حوکمڕانی بەعس لە عێراق، ئەمڕۆکە بە شێوازێکی زۆر دوور لە شارستانییەت و مرۆڤایەتی و دوور لە هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی و جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ ساڵی 1948، سیاسەتی بەدناوی تەعریب و ڕاگواستن لە کەرکووک و دەوروبەرەکەی پەیڕەو دەکا. ئەو ماڵە کوردانەی کە لەسەر ماڵ و موڵکی خۆیان دەردەپەڕێندرێن، پێویستە خۆیان بە خورتی داوایەک بۆ پارێزگاری شارەکە بنووسن و تیایدا داوای ڕاگواستنی خۆیان بکەن بەم شێوەیە:

السيد محافظ التاميم المحترم

م/ طلب

انى المواطن . . نزحت الى محافظه التاميم بعد لفحه الغدر والخيانه و اطلب اعادتي الى منطقه كردستان للحكم الذاتي و من حيث اتيت و على رغبتي و بدون اكراه.

المواطن

ئەوەی ئەوەشی بەدڵ نەبوو، پێویستە لەسەری حاشا لە نەتەوە و خاک و خوێنی هەزاران شەهیدی کورد بکات و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ڕاست بکاتە عەرەب، چونکە ئەوانەی کاتی خۆی ناویان بە کورد تۆمار کردووە، بەکرێگیراوی ئیسرائیل بوونە و پێویستە بۆ ئەو کارەش یان ئیستمارەی (ڕاست) کردنەوەی نەتەوە پڕ بکاتەوە، یان خۆی داواکارییەک بۆ بەڕێوەبەری ئاماری شارەکەی بەرز بکاتەوە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

السيد مدير احصاء التاميم المحترم

م/ طلب

اطلب تصحيح قوميتي من الكرديه الى العربيه لكونها قد سجلت فى عمليه التعداد سهوا.

المواطن (1)

- ڕۆژنامەی (لۆت التامیم) کە لە کەرکووکی بن دەسەلاتی ڕژێمی عێراق دەردەچێ، لە لاپەڕەی پێنجی ژمارە (55) ی ڕۆژی 2000/11/27ی خۆیدا، پەردەی لەسەر شالاوێکی نوێی ئەو سیاسەتانەی هەلداوەتەوە. ڕۆژنامەکە ئەوەی خستۆتەڕوو کە بەناوی پارێزگای کەرکووک سەنەداتی تاپۆی پارچە زەوییە سەکەنییەکانی لە ناحیەی (تازە) ی سەر بە پارێزگای دابەشکردووە، ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کە ئەو (خەلاتە) هەشتا هاوولاتی لەخۆگرتووە و ڕووبەری هەر پارچە زەوییەکیش (600م2) بووە (2) .
- شایانی باسە نەخشەی پیسی تەعریبی ڕژێم دژی گەلی کورد لە کەرکووک شتێکی ئاشکرا و ڕوونە لای نەتەوە یەکگرتووەکان و شوێنەکانی تر لە جیهانی ئەمڕۆدا هەروەکوو خۆیان ئاشکرای دەکەن، کەچی سەرەڕای ئەوە بەرانبەر تەنها دەنگهەلبڕینێک بێدەنگ و سست و مەلوولن، بەلام بۆ بەرژەوەندی و مەرامی خۆیان لایان ئاساییە وەک نموونە بیهێننەوە. بۆ ئەمەش شتێک بەنموونە دەهێنینەوە: ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) ی ئەمریکی ڕێکەوتی 2000/12/11 لە وتارێکی خاتوو باربرا کروسێت پسپۆڕی کاروباری عێراق، لە زاری بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (لە باکووری عێراق) ، کە لە (ڕادیۆی عێراقی ئازاد) ەوە بلاو کرایەوە ئاشکرای کرد کە هەزاران لە کوردەکان و عێراقی تری غەیرە عەرەب بە بەردەوامی لەسەر مال و حالی خۆیان دەردەکرێن و ڕێژەیەکی زۆری لەوانەش لە ناوچەکانی کەرکووک پەیرە و دەکرێ. هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئاوارەکان ژمارەیان 805 هەزار کەس دەبێ و 23٪ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن، ئەمەش بارگرانییەکی تر دەخاتە سەر شانی فریاگوزارییە نێودەولەتییەکان. ئەو ڕۆژنامەیە لە زاری (بینۆن سیڤان) ی بەرێوەبەری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا ڕایگەیاند کە دەرکردنی نزیکەی 59 هەزار کەس لە پەنابەرەکان لە ناوچەی کوردیدا تۆمار کراوە و ئەوانەش زۆربەیان کوردن و هەندێک تورکمانیشیان تێدایە کە دەلێن لە ناوچەی کوردیدا دەرکراون. نیۆیۆرک تایمز ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق کورد و تورکمان بەلای کەمەوە لە 6 ناوچە دەردەکات، لە چوارچێوەیەی ئەو بەرنامەیەی کە حکومەت خەلکانی غەیرە عەرەب ناچار دەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان. نیۆیۆرک تایمز بۆ ئەم ڕاگەیاندنە پشت بە ڕێکخراوی (هیومان ڕایتز وۆچ) دەبەستێ، هەر ئەو ڕێکخراوە زیاتر لە 800 ڕووداوی ڕاگواستنی لە نیوەی یەکەمی 2000دا تۆمار کردووە. هەر نووسەری ئەم وتارە (باربرا کروسێت) ناوی ئۆردووگای (کانی شەیتان) ی خۆهەلاتی کەرکووک دەکات کە 1375 کەس لە نێوانیاندا 994 مندالیان تێدایە لەو ئۆردووگایەدا دەژین کە لە ڕاستیدا جێگای 550 کەسە و لەگەل ئەوەشدا چاوەڕوانی ڕاگوێزراوی زیاتری بۆ دەکرێت . (3)

**سەرچاوەکان:**

(1) لە وتارێکی پارێزەر: عەبدولواحید عەلاف (سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن لە ڕوانگەی یاساوە) . (مەلەفی کەرکووک) ، لە لاپەڕەکانی ئینتێرنێتدا.

(2) ڕۆژنامەی ک. نوێ، ژ: 2317 لاپەڕە 1 لە لاپەڕەکانی ئینتێرتێتدا.

(3) ڕادیۆی عێراقی ئازاد.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.